# کیژۆڵەیەکی قارەمان دژ بە دڕندایەتی

## سەلام عەبدڵا

ڕۆژی 8/3، ڕۆژی لەدایکبوونی(لیسی ژیان)ی کچەکەمەو لەم ڕۆژە بەشێوەیەکی تایبەتی بیری ساتەوەختەکانی لەدایکبوون، پیاسەکردن، چیرۆك خوێندنەوەی پێش خەوتن، پێکەنین و گریان و گەمەکانی دەکەم، بەڵام ئەم جارەیان کارەساتی بێوێنەی سارا، لیسی لە بیر بردمەوە.

زۆر جار لە نووسین یان گێڕانەوەی ڕووداوی کوشتنی منداڵێك، بە بەزەیی یان تەنها وەك قوربانییەکی بێدەسەڵات پیشاندەدرێت، بەڵام کاتێ ئیمڕۆ چەندین جار ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری لەبارەی سارا(11ساڵ)جوانەمەرگ، خوێندەوە، مرۆڤ هەست دەکات لەبەرامبەر قارەمانێکی بێوێنەیەو لە گۆڕەپانی ململانی و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان جوانی و دڕندایەتی؛ خۆشەویستی و ڕق و قینە، مرۆڤ و نامرۆڤ بوون، لەجیاتی هەموو مرۆڤایەتی، بە دەمارو ئێسقانە ناسکەکەی، بەرگرییەکی نەبەردانە لە خۆی و ئێمە، کردووە.

کێ داستانێکی خوێندووەتەوە یان بیستووە، کیژۆڵەیەکی باریکەلە بەو تەمەنە، قارەمانی بێت؟

سارا بەخۆیشی نەیدەزانی، لە ڕۆژێکی ڕەشی تەمەنی زۆر کورتیداو لە ژێر باڵی تاریکی، لەو کاتە کە ئەقڵی باوکسالاری دەستی تاوانکاری بۆ درێژ دەکات، دەبێتە بەرەی ویژدان و ژیان و کەرامەت و شەرەفی ئێمە و بەدەست و پەنجە ناسکۆلەکەی، بەرگریمان لێ دەکات...

کاتێ دەستە چەپەڵەکانی مێژوو ویستویانە بلۆکی پێدا بکێشن، بە چەکی دەستە بچۆلەکانی، سەری لە ئاسمان بڵندتر پاراستووە و ئاسەواری لەسەر دەموچاوی جێهێشتووە، وەك بڵێی ویستویەتی بە بەڵگەوە پێمان بڵێ: کەس و هاوڕێ و دۆستەکانم: تا دوا هەناسەم بە گیان و ڕوح، مانگ و ڕۆژ، با و باران و خونچەکانی گەردوون؛ ئارەقەی نێوچەوانی ناو پەڕەکانی مێژوو؛ هەموو ئەڵوەنزادەکانم پاراست، ئەوجا ماڵئاواییتان لێ دەکەم....ئاخر تەمەن و جەستەم لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت، گەرچی لە دەست و پەنجەکانم زیاتر هیچی ترم پێ نەبوو، بەڵام لەبەردەمیاندا، سڵم نەکرد و بەها مرۆییەکانم بەرز ڕاگرت.

سارا بەو تەمەنە، توانی ببێت بە عەقڵ و سوزمان و بە کەرامەتەوە بۆ ژیان هەوڵیدا، بۆیە من چیتر بۆ قوتابییە قارەمانەکەم خەم ناخۆم...ناوی بەرز ڕادەگرم و بەدڵنیاییەوە دەڵێم: بەها مرۆییەکان سەردەکەون...

سارا دووپاتی وانەی ئازادی و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پێ گوتین؛ وانەی هەرسهێنانی تەواوی ئەقڵ و ڕەوشتی باوکسالاری و ئەو وەهمە قورس و درژ و ڕسوایە کە چاوی لەو تاوانە بوو و تا دوا چرکە تەماشاکەری بووەو ڕۆیشت...ڕۆیشت بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەرچاومان بێت و کار بۆ جیهانێك بکەین، منداڵێکی تر ڕووبەڕووی ئازار، زەوتکردن و کوشتن نەبێت....ئا لێرەدا دێڕێکی بەناوبانگی سروودێکی(مریەم ماکیبا)م بیرکەوتەوە کە دەڵێ: هێشتا خۆرەکانمان زیندانین....

کچ و قوتابییە خۆشەویستەکەم هەتا ماوم، بە ڕێزەوە ناوت بەرز ڕادەگرم، بەرێز و بێدەنگییەکەوە کە لە هاوار و گریان بەرزتر و قوڵتر دەنگ بداتەوە....

ماڵئاوا شرینەکەم...ماڵئاوە، دڵم دەکەم بە لانکە، مانگ و خۆرت بۆ دادەگرم تا لەنێوانیاندا جۆلانە بکەیت....